# یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان و پەندێکی منداڵییم ...!

حەیدەری حاجی خدر / سۆران

لە ناو سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دا ، چەمکی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی مێژویی لە بازنەی ئیرادەی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ، سەرەڕای ئەگەر و مەترسییەکانیش ، هێشتا نەبۆتە خاڵێکی زەق و بەرچاو لە کاری سیاسیی و ستراتیژیی ، چونکە ئەو کاتە ئەو چەمکە دێتە ناو ناوان کە لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە ، تەنازولکردنیش لە هەندێ تایبە تمەندیی و دەستکەوتدا هەبێ ...

بەم پێیە هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و تەنازول لە هەندێ شت ، دوو نرخی هاوکێشەیەکی بەیەکەوە گرێدراون ، بە فەراهەمبوون کارکردنی هەر دوکیان، ڕێرەوی سەرکردایەتییکردنی نەتەوە و ولآت بە ڕاستە ڕێدا دەچێ و لە بەرامبەریشیدا خەڵك دەچێتە باری قەناعەت و دڵخۆشیی ، بێگومان بە پێچەوانەشەوە ئیرادەی نەتەوە لاواز دەبێ و خەڵکیش دڵتەنگ .

ئەم هاوکێشەیە لە ڕوی هاوسەنگ نەبوونییەوە ڕێك بەسەر بارو دۆخی ئێستای سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دا دەچەسپێ ، بە تایبەتیی کە باس لە پرسی یەکگرتنەوە و تێکەڵکردنەوەی هەر دوو ئیدارە دەکرێ ، چونکە لە دەمی ئێستادا هەرچ پێودانگێك لە گۆڕێدا بێ ئەوا پاساوی خۆ دواخستنیان لە تێکەڵکردنەوەی ئیدارەکان پێنادرێتەوە ، لە کاتێکدا ئەمە داوای خەڵکە و لە لایەکی دیکەشەوە قۆناغە مێژوییەکە دیخوازێ .

هەرچەندە ئەم پرسە هەندێك جار لەلایەن خودی دەستەلآت و سەرکردایەتیی سیاسییشەوە نکوڵی لێناکرێ ، بەلآم خۆ نەخستنە ژێرباری جێبەجێکردنی ئەو داوایە زیاتر بەوە دەچێ کە هێشتا ئێمە ساوابین و وەك ئەوەی گەورە نەبووبین .

کاتێك بیر لەو پرسە دەکەمەوە ئەو بەزمەم لە لا بە پەندێکی سەردەمی منداڵیی دەچێ ، کە ئەمەیە :

ئەو کاتەی بچوك بووین ، بۆ فتبۆڵێن دابەشی سەر دو گروپ دەبووین ، بەلآم لەو گەمەیەدا هەمو بڕیارێك و هەمو کار و بارێك دەبووایە بە دەستی ئەو هاوڕێیەمان بوایە کە خاوەنی تۆپەکە بوو ، چونکە ئەگەر تەنانەت لە ناو یارییەکەشدا شتێکی بگوتبا و جێبەجێنەکرابا ، ئەوا ڕاستەوخۆ تۆپەکەی لە بن هەنگڵییەوە دەنا و دەیگوت : کاکە تۆپەکە ی خۆمە و ناکەم ...

ئەوەی لەو پەندەدا دەردەکەوێ ئەوەیە ، کە تەنها جارێك قوڕ بەسەری گروپی بەرامبەر دەبوو ، بەلآم دو جار بەسەر گروپی خاون تۆپەکە ، دەزانن بۆ ............ ؟ ئەز لە ناو بەزمەکەم براینە ، خۆتان بیلێن و حوکمدەن .